# حوکمی لووت سمین بۆ ئافرەتان

[ kurdish – کوردی – كردي ]

**دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس**

**پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز**

2014 - 1435

IslamHouse.com

# حكم ثقب الأنف للنساء

« باللغة الكردية »

فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2014 - 1435

IslamHouse.com

# حوكمی لووت سمین بۆ ئافرەتان

ئەم پرسیارە ئاراستەی ماڵپەڕی ئیسلام هاوس کراوە :

**پرسیار** : من کچێکی بچۆلەکەم هەیە ئێستا دەمانەوێت لوتی بسمین بۆ ئەوەی لوتەوانەی تێ بکەین، ئایا حوكمی لووت سیمین چیە لە ئیسلامدا ؟

**وەڵام** : سوپاس بۆ خوای گەورە ومیهرەبان، وە درود و صەڵات وسەلام لەسەر محمد المصطفی وئال وبەیت ویار ویاوەرانی هەتا هەتایە .

پاش گەڕان و ورد بوونەوە لەووتەی زانایانی ئیسلام، بۆمان ڕوون بووەتەوە لەسەر لووت سمین و کونکردنی بۆ ئەوەی لوتەوانەی تێ بکرێت، هیچ دەقێکی شەرعی نییە کە ڕێگری بکات لە لووت سمین، بنەمایەکی فقهی ئیسلامیش هەیە دەڵێت: ( الأصل في الأشياء الإباحة ) واتا ئەصڵ لە هەموو شتەکاندا ڕێگاپێدانە، مەگەر کاتێك دەقێکی شەرعی لە قورئان یان فەرموودەی صەحیح هەبێت ڕێگری بکات لەو شتە، بۆ نموونە خاڵ کووتین لەبەر ئەوەی کە دەقێکی شەرعیمان هەیە لە فەرموودەی

صەحیح ڕێگری دەکات لە خاڵ کوتین دەڵێین خاڵ کوتین کارێکی نادروستە چونکە پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) نەفرینی کردووە لەو کەسەی کە خاڵ دەکوتێت و لەو کەسەشی خاڵی بۆ دەکوترێت، وەك فەرموویەتی « لعن الله الواشمات والمستوشمات ... » .

بەڵام لەسەر لووت سمین هیچ دەقێکی نییە، و پێغەمبەری خوداش ( صلی الله علیه وسلم ) لە فەرموودەیەکی صەحیحدا فەرموویەتی : « إن الله أمركم بأشياء فامتثلوها ، ونهاكم عن أشياء فاجتنبوها ، وسكت لكم عن أشياء رحمة منه ، فلا تسألوا عنها » واتا : خوای گەورە فەرمانی پێ کردون بە ئەنجامدانی هەندیك کار بەجێی بهێنن، وە ڕێگری کردوون لە هەندێك کاریش دوور بکەونەوە لێی، وە بەڕەحمی خۆیشی بێدەنگ بووە لە هەندێك شت ئێوە پرسیاری لەبارەوە مەکەن .

واتا ئەو کارنەی کە دەقێکی شەرعی نییە لە سەر واجب بوونی یان حەرام بوونی، ئەوە وەك ڕەحمی خوای گەورە وایە بۆ بەندەکانی و بەبێ سڵەمینەوە دروستە و ئیتر نابێت زۆری لەبارەوە بووترێت وبەشوێنیدا بچیت، چونکە ئەوەی خوای گەورە لێی بێدەنگ بووبیت بەڵگەیە لەسەر دروستی ئەو کارە .

ئەمجا ئەم مەسئەلەی گوێ سمێنە عورفی خەڵکە ئەگەر هاتوو زیانی تەندروستی نەبوو لەسەر ئەو کەسەی گوێی دەسمێت و ئەهلی ئەو ناوچەیە بەکارێکی ئاساییان دادەنا بۆ خۆجوانکردن و ڕازاندنەوە بە تایبەتی بۆ ئافرەتان ئەوە کارێکی ڕێگا پێدراوە و هیچ ناشەرعیەکی تێدا نییە، بەڵام پیویستە ئەوە بڵێین ئەم کارە بۆ پیاوان کارێکی نەشیاوە و خۆ چواندنە بە ئافرەتان کە پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) نەفرینی لێ کردووە .

خوای گەورەش زاناترە